دانیشتنی ١

**پێویستییە مرۆییەکان - مافەکانی مرۆڤ - بەرپرسیارێتییە مرۆییەکان**

# پۆستەری پێشانگەی مافەکانی

مرۆڤ




THE LOCAL
CHANGEMAKERS
COURSE



# مادەی ١

ئێمە ئازاد و یەکسان لەدایک بووین و
بیر و بیرۆکەی خۆمان هەیە.
پێویستە هەمووومان بە هەمان
شێوە مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێت.

# مادەی ٢

ئەم مافانە هی
هەموو مرۆڤێکن؛
زەنگین بین یان هەژار،
لە هەر وڵاتێکدا کە لێی دەژین،
خاوەن هەر ڕەنگ و
ڕەگەزێک بین یان بە هەر زمانێک بدوێین،
بیر لە هەر شتێک بکەینەوە ی
ان باوەڕمان پێی هەبێت.

# مادەی ٣

ئێمە هەموو مافی ژیان
و ژیانکردنمان بە
سەلامەتی و ئازادی هەیە.



# مادەی ٤

## هیچ کەسێک مافی بەکۆیلەکردنی ئێمەی نییە و ئێمە ناتوانین کەس بکەینە کۆیلەی خۆمان.

# مادەی ٥


## هیچ کەسێک مافی ئازاردان و ئەشکەنجەدان یان مامەڵەی دڕندانەی لەگەڵ ئێمەدا نییە.

# مادەی ٦

## هەموومان مافی دانپێدانانمان وەک مرۆڤێک بەپێی یاسا هەیە.

# مادەی ٧

## یاساکە بۆ هەمووان وەک یەکە.
## پێویستە دادپەروەرانە
## مامەڵەمان لەگەڵ بکات
## و لە جیاکاریی
## بمان پارێزێت.



# مادەی ٨

پێویستە یاسا مافەکانمان بپارێزێت و کاتێک کەسێک مافەکانمان پێشێل دەکات، یارمەتیمان بدات.

# مادەی ٩

هیچ کەسێک مافی دەستگیرکردن
و زیندانییکردنی ئێمەی بەبێ
هۆکارێکی یاسایی نییە،
یان دوورخستنەوەمان
لە وڵاتی خۆمان.



# مادەی ١٠

ئەگەر کەسێک بە شکاندنی
یاسا تۆمەتبار بکرێت،
ئەوا مافی دادگاییەکی ئاشکرا
و دادپەروەرانەی هەیە.



# مادەی ١١

نابێت هیچ کەسێک بە ئەنجامدانی شتێک تاوانبار بکرێت تا ئەو کاتەی دەسەلمێنرێت ئەنجامیان داوە.
ئەگەر مرۆڤەکان بڵێن ئێمە شتێکی خراپمان ئەنجام داوە، ئەوا مافی سەلماندنی ناڕاستیی قسەکانیانمان هەیە.
نابێت هیچ کەسێک بۆ شتێک کە ئەنجاممان نەداوە، سزامان بدات، یان بۆ ئەنجامدانی شتێک کە دژی یاسا نەبووە لەو کاتەی ئەنجاممان داوە.

# مادەی ١٢

نابێت هیچ کەسێک
هەوڵی ناوزڕاندنمان بدات،
هیچ کەسێک مافی هاتنە
ناو ماڵەکانمانی نییە،
یان کردنەوەی نامەکانمان
و بێزارکردنی خۆمان و خێزانەکانمان
بەبێ بوونی هۆکارێکی گونجاو.

THE LOCAL
CHANGEMAKERS
COURSE



# مادەی ١٣

ئێمە هەموومان مافی چوونە
ئەو شوێنانەمان هەیە کە لە
وڵاتەکەی خۆماندا دەمانەوێت
یان گەشتکردن بۆ دەرەوە
بەو شێوەیەی دەیخوازین.



# مادەی ١٤

ئەگەر ئێمە لە وڵاتی خۆماندا
مەترسی گۆشەگیریمان لەسەر بوو،
ئەوا مافی ڕاکردنمان بۆ
وڵاتێکی تر بە مەبەستی
سەلامەتی هەیە.

# مادەی ١٥

## ئێمە هەموو مافی خۆمانە ڕەگەزنامەی
## وڵاتێکمان هەبێت
## و هاوڵاتی ئەو وڵاتە بین.

# مادەی ١٦

هەموو کەسێکی پێگەشتوو مافی
هاوسەرگیریی و هەبوونی خێزانی
هەیە ئەگەر بیانەوێت.
نابێت هیچ کەسێک ناچار بە هاوسەرگیریی
بکرێت. ژنان و پیاوان لە کاتی هاوسەرگیریی ،
هەروەها کاتێک جیا دەبنەوە،
هەمان مافیان هەیە.



# مادەی ١٧

هەمووان مافی خاوەندارێتیی
شتەکان یان بەخشینیانی هەیە،
نابێت هیچ کەسێک بەبێ
بوونی هۆکارێکی گونجاو،
شتەکانمان لێ بستێنیت.



# مادەی ١٨

ئێمە هەموو مافی بیرکردنەوە
بۆخۆمان و شوێنکەوتنی ویژدانی
خۆمان، بوونی بیروباوەڕ
و هەبوونی ئایینێکمان هەیە.
ئێمە هەمووما‌ن مافی کارپێکردنی
بیروباوەڕەکانمان بە تەنیا یان لەگەڵ کەسانی
تردا هەیە، جا بە ئاشکرا یان نهێنی.
هەمووان مافی گۆڕینی بیروباوەڕ
و ئایینەکانیان هەیە
ئەگەر بیانەوێت.



# مادەی ١٩

هەموومان مافی دەستگەشتن
بە زانیارییمان هەیە،
تاوەکوو خۆمان بڕیاری خۆمان بدەین
و گوزارشت لە بیروبۆچوون و بیرۆکەکانمان
بکەین و لەگەڵ کەسانی تر باسی بکەین،
جا لە هەر کوێیەک بژین و بە هەر
ڕێگایەک بمانەوێت بۆ نموونە،
کتێب یان هێڵی ئینتەرنێت.



# مادەی ٢٠

هەموومان مافی بینینی هاوڕێکانمان و
درووستکردنی ئەو گرووپانەمان هەیە
کە کارەکان پێکەوە ئەنجام دەدەن،
لەوانەش، کاری پێکەوەیی تاوەکوو
بە ئاشتیانە داکۆکیی لە مافەکانمان بکەین.
هیچ کەسێک ناتوانێت ناچارمان بکات
بەشداریی لە گرووپێکدا بکەین
کە نەمانەوێت.



# مادەی ٢١

هەموومان هەمان مافی هەڵبژاردن
و بەشداریی لە خزمەتی گشتیمان هەیە.
هەموو کەسێکی پێگەشتوو مافی دەنگدان بە
سەرکردە سیاسییەکانی لە هەڵبژاردنە
ئاساییەکاندا هەیە.
هەموو دەنگەکان یەکسانن و
پێویستە بە نهێنی بدرێن.



# مادەی ٢٢

هەمووومان مافی هەبوونی ماڵ
و پارەی پێویست بۆ ژیان و
بەدەستهێنانی هاوکاریی تەندرووستیمان
هەیە کاتێک نەخۆش بووین.
پێویستە ڕێگەی چێژوەرگرتن وگوزارشتکردن
لە خۆمان لە ڕێگەی مۆسیقا، هونەر، پیشەی
دەستی یان وەرزش و بەکارهێنانی
کارامەییەکانمان پێ بدرێت.



# مادەی ٢٣

هەموو کەسێکی پێگەشتو
و مافی کارکردن و بەدەستهێنانی
مووچەیەکی دادپەروەرانەی بۆ کارەکانی هەیە،
هەروەها بەشداریی
لە سەندیکای کرێکاراندا.

# مادەی ٢٤

## هەمووومان مافی پشوودان لە کار و حەسانەوەمان هەیە.



# مادەی ٢٥

هەموومان مافی ژیانی
شکۆمەندانەمان هەیە،
لەگەڵ خواردنی پێویست و پۆشاک
و خانووبەرە و چاودێریی تەندرووستی.
دایکان و منداڵان، کەسانی بێکار،
کەسانی بەتەمەن و خاوەنپێداویستیی
تایبەت، هەموویان مافی ئەوەیان
هەیە هاوکاریی بکرێن.

# مادەی ٢٦

هەمووман مافی پەروەردەمان هەیە.
پێویستە خوێندنی سەرەتایی
بێ بەرانبەر بێت.
پێویستە بتوانین فێری کارێک
ببین یان سوود لە هەموو
کارامەییەکانمان ببینین.

# م ادەی ٢٧

هەمووومان مافی هەبوونی
کولتووری خۆمان هەیە،
هەروەها بەدەستهێنانی ئەو
شتە باشانەی کە زانست
و فێربوون دەیهێننە ناو کۆمەڵگا.

# مادەی ٢٨

هەمووومان مافی ژیانکردنمان لە کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو و ئاشتیانەدا هەیە، هەروەها لە جیهانێکدا کە بتوانین ماف و ئازادییەکانمان بەدەست بێنین.



# مادەی ٢٩

هەموومان بەرپرسیارین
بەرانبەر بە کەسانی تر و
پێویستە ماف و
ئازادییەکانیان بپارێزین.

# مادەی ٣٠

هیچ دەوڵەت و کەسێک ڕێگەی
پێ نادرێت بە جۆرێک مامەڵە بکات
کە ماف و ئازادییەکانی
کەسانی تر بسڕێتەوە.